**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في بريطانيا**
**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK**

---

# فدراسیۆن له هه‌وڵدایه بۆ ئازاد كردنی
# په‌نابه‌رانی كورد له‌گرتووخانه ده‌ست به‌سه‌ره‌كاندا

له‌سه‌ره‌تای هه‌وڵه‌كانی وه‌زاره‌تی ناخۆی به‌ریتانیا به‌گرتن و زیندانی كردنی په‌نابه‌رانی كوردی عیراقی و راپیچ كردنیان بۆ گرتووخانه ده‌ست به‌سه‌ره‌كان چه‌ندین په‌نابه‌ر له گرتووخانه‌ی (كامفیلد هاوس،كۆڵن برۆك ،هاسله‌ر،دۆڤه‌ر) تا ئیستا راگیراون و به‌شێكیان به‌دوای فشاری و ناره‌زایه‌تیه‌كانی په‌نابه‌ران و كه‌مپینی فدراسیۆن ئازاد كراون ، وه هه‌ندێكیان به‌هه‌وڵ و كه‌فاله‌تی فدراسیۆن ئازاد كراوه‌ن و به‌شێك له‌و په‌نابه‌رانه‌ی پارێزه‌ریان نی یه پارێزه‌ریان بۆ گیرا وه و به‌كه‌فیل ئازاد ده‌كرێن و چه‌ند چاوپێكه‌وتن له‌سه‌ر به‌رخوردی نا ئیسانی به په‌نابه‌ران له‌گرتووخانه ده‌ست به‌سه‌ره‌كاندا كراوه‌و په‌خش كراوه‌ته‌وه له‌سایتی رێكخراوه‌ی ئینسانی و په‌نابه‌ری یه‌كان .

ناوی ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی له‌گرتووخانه‌ی ده‌ست به‌سه‌ری كۆڵن برۆك دان (عبدول ره‌حمان حه‌سه‌ن محمد،محمد حه‌سه‌ن،ووریا قادر،ئاری میرزا مراد،هیمن فه‌تاح..)و(په‌نابه‌رانی گرتووخانه‌ی هاسله‌ر له‌لای پۆرتسمۆت(یاسین قادر،شیرزاد،بیستون عبدول،دلشاد مسته‌فا،محمدعه‌لی،حه‌سه‌ن معروف،ئه‌یوب عمر،فه‌رهاد مسته‌فا) .

داواكارین له‌په‌نابه‌ران هه‌ر زانیاری یه‌كی تر له‌سه‌ر په‌نابه‌ران له‌گرتووخانه‌ی تر هه‌یه به فه‌وری په‌یوه‌ندی بكه‌ن به‌هه‌ڵسوراوانی فدراسیۆنه‌وه له‌شاره‌كان و له له‌نده‌ن كه ناو ژماره ته‌له‌فونه‌كانیان له راگه‌یاندنه‌كانی فدراسیۆن راگه‌یه‌نراوه تا پارێزه‌ریان بۆ بگیرێ وئازاد بكرێن.

**فدراسیۆنی سه‌رتاسه‌ری په‌نابه‌رانی عیراقی\به‌ریتانیا**
**2005-9-15**

---

**www.federasion.org**